# کۆمارێك لێوانلێو لەقەدەر



محەمەد کەساس

سالّ: پەنجاو حەوتی پێش ئەنفال
شوێن: برینێکی قوولّ
کات: لەودیو زەمەنەوە
بابەت: ستەمێك بۆ بوونێکی ستەم
* * * *

لەگەلّ گرمەگرمی هەورو
شەستەو رەهێڵەو تۆفانا..
لەگەلّ ئازارێکی گەورەی
جەستەی قەدەرێکی گەورەی
پەروەردە بووی، ناو بەرداشی
زبری ستەمی ئینسانا..!
لەشارێکی پڕ حەسرەتی
زەمەنێکی وەیشوومەدا
لەنێو کوختی هەژارانەی
بەئەمەك و دەردی سەری
ئەو دەمەدا
قەدەرێك هاتە بوونەوە
بەهەموو مانای بوونەوە
ناویان لێنا "حەمە"ی تەنیا
بەمندالّی، دەستی زبرو
عەشقی خاك و
خەمی دەستهێنانی نانیّ
بوونە هاوڕێی
ئازارێك، هێندەی فەنابوون

بالآبەرز
هێندەی پەپوولەی قەدەری
ماچی نێوان
دوو سرکە لێو
ناسکن بزێو
ئالآبووە خەمەکانی
شانبەشانی زیکری فێربوون
لەخوێندنگای کانێسکانا..
پەپوولە بوو، هەڵئەوەری باڵەکانی
بەدوای خەمی لەتیٚ نانا..!!
ساڵ هاتو رۆی
قەدەر، لەگەڵ تەمەنی پڕ لەحەسرەتو
لێوەلەرەی ئایندەدا
بالآیکردو
تانوپۆی ئاسۆشی چنی..
سات لەدوای سات
ساڵ لەدوای ساڵ
قەدەر چووە
ئێسكو مۆخو
سەراپای دەمارەکانی
قەدەر وەك تێغی هەمەسەر
تەنانەت رۆحیشی جنی..!!
ئەمێستاکە، قەدەری ئەو
جمکی ئەوەو تێکەڵ بەتەمەنی بووە..
تەمەنیشی سەرابێکە
ئایندەی پڕ
لەڕووخانو فەنابوونی یەکجارەکی
لەسەرشانی هەڵگرتووە..!
لەو ساتەوەی
قەدەر بووەتە جمکی ئەو
(سیزیف) ئاسا
چرای ئایندەی هەڵئەکاو
ئەکوژێتەوە
جارێکی دی، هەڵی ئەکات
دیسانەوە ئەکوژێتەوە
نە ئەتوانیٚ

ئایندەی خۆی بسڕێتەوە
نە ئەتوانێ، چراش هەڵکا
ئەمێستاکە، قەدەری ئەو
کەتەیەکی چوارشانەیەو
بەشانی (تەرمی خۆی) دەیگێڕێت..
کوچە کوچەو هەوراز هەوراز
ئازارێکی بەلەزەتی پێ ئەچێژێت..!
حەمە تەنیا، بەمنداڵیی
لەژێر سایەی کەسەرێکی دوو سەرەدا هاتۆتە بوون
بەژانی مەراقێکی رەشتاڵەی باڵا بەرز
چاوی هەڵهێنا
ئیدی، ئولفەتی بەگریانەوە گرت
لەو سەحەرەوەی چاوی کردەوەو
سرووتی گریانی دەست پێکرد
پیاوێك پەپوولە ئاسای فڕینی خەونە ئاڵەکانی
منداڵیی تێك شکاند
ئیدی لەو دەمەوە
بارانی فرمێسکی لێزمەی دێ
ئەوی بەفر
ئەوی شنەی شەماڵ
لەگەڵ ئاگرو رەشەبادا
پێکەوە رێدەکەن
نەپێکەوە هەڵدەکەن و
نە لەدووری یەکدیش دەژین
لەو دەمەوە، بەدووی پارچە
وردو خاشبووەکانی رۆحیدا دەگەڕێت..
لەنێو ژیلەمۆی ژیانێکی بێهوودەیدا
بۆ ئایندەو چارەنووسی نادیاری دەسووتێت..!
بەو تەمەنە کاڵەوە، پێی نایە
قۆناغی پیاوەتی، بەدەر لە
لەزەتی گەنجێتی
درەختی باڵاشی
توڕەیی و خەمۆکی گرتبوو
چونکە لەیەکەم سەحەردا
یەکەم کاسەی ئاوی ژیان کرا بەگەروویا
لێوان لێوبوو لەتووڕەیی

ئیدی، لێرەوە.. بزربوو
هەوری گریان رایماڵی و
لەژێر قورسایی پێی یەئسدا نغرۆبوو
گەرویستتان ببینن، مەگەڕێن
هەورەکانیش مەپشکنن، دڵنیا بن لەوەی
ئەوانیش نابارێن کە گومانی هەبوونی ئەویان لێدەکەن
دەریاکانیش مەگەڕێن، با چۆڕبڕ نەبن
ناو دارستانیش مەگەڕێن، با نەبێتە سەحرا
لەئاسۆشدا بۆی مەگەڕێن
با بۆ هەمیشە نەبێتە تارستان
دڵنیابن نایدۆزنەوە
ئەو خۆیشی بۆ خۆی تەنیاکە.. سلاو
دەزانم بەدیار سیابەختیی خۆتەوە
ئەرشیفی رۆژانی عومری خۆت تەی دەکەی
دەزانم لەدەریای خەمێکدای
هانا بۆ لقێکی
رێگە لێ هەڵەبووی
درەختی ژین دەبەی
ئای.. لەو ساتەی دەگەیتە
کەنارەکانی ئەوبەری ئارامیی
دەستبەجێ شاگەشکە دەبیت و
دەگەیتە ترۆپکی فەنابوون..
رووبارێك فرمێسك دەڕێژی
بۆ ئەو سالانەی تەمەنت
لەبازنەی داخراودا
بەباچوون..!!
رۆژێك دێ، دەڕۆیت و لەوێندەر
لەکەنار دەریایەك
نەورەسی غەریبیت
هێلانەی ئەبەدی چێ دەکاو چاوبڕکێ
لەگەڵ شەپۆلە هێمنەکانی دەریادا دەکات
باڵ لێکدەداو هێدی هێدی تا چاوبڕکا
شەپۆلەکانی سەر دەریا
ماچ دەکات و
بەئەوینیان خۆی تەڕدەکات
لەوێ لەکەنار رووبارێك

کەناریی ئەوینت
سەرلقی درەختێك دەكاتە نیشتمان..
لەگەڵ خوڕەو هاژەی ئەودا
لەیەكدی دەئاڵێن، دەكەونە راموسان..!
لەوێ، لەسەر شۆستەی شەقامەكان
ئاسمانێك نیگا هەڵدەخەیت
شیعری جوان‌و شیعری جوان‌و شیعری جوان
بەردەمت گوڵباران دەكەن..
ئەوانیش قولایی نیگایان
بۆ گیانی شەكەت بووت هەڵدەدەن..!
لەوێندەر، لەپاركێك
بەكێویێك ورەوە
زەمین رادەخەیت‌و بەئاسمانێك ئومێد
خۆت بان دەدەیت
لەوێ، لەگەڵ شەقامەكان
لەگەڵ شەو سروەی بەیان
دەست لەملانی یەكدی دەبن
بۆ یەك دەژین، بۆ یەك دەمرن
لێرە، جەستەت شەكەت‌و
سەرت قورس‌و
ترپەی دڵت نائاسایی
لەوێ، بارانی پاكبوونەوە
گوناهەكانی ئێرەت دەشواتەوە
لێرە، رۆحت
بەسێدارەی ئازادییەوە
هەڵدەواسرێ..
لەوێ، شیعرت، دەبێتەوە ویردی سەر زاران
لێرە، عەشقت
وەك هەتیوی بێ داك‌و باب
لەسەر شۆستەكان كەوتووە
لەوێ، لەكەنار دەریایەك
ئاسمانێك ئەوین رادەخرێ.